# له سێدارەدانی سەدام..
# تەواوکردنی وێنەیەکی ناتەواو

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com



ئەگەرچی وەکو دەڵێن "سیاسەت هونەری مومکیناتە" واتا هیچ شتێك لە سیاسەتدا حەتمی نییە، بەڵام هیچ (بەڵگە، ئەگەر، لەوانەیە و رەنگەیەك) لە ئارادا نەبوو کە پێمانبڵێت: "سەدام توانای ئەوەی هەیە جارێکی تر بێتەوە سەر حوکم و جڵەوی دەسەڵات بگرێتەوە دەست". هیچ کوردستانی و عێراقییەك (بە یار و نەیارانی سەدامەوە) بەتەمای ئەوە نەبوون کە جارێکی تر سەدام لە دەسەڵات ببیننەوە، ئەمە شتێك بوو کە هەمووان لێی دڵنیابوون، ئەی کەواتە ئەوە چی بوو کە وای لە خەڵك دەکرد ئەوەندە بە پەرۆشەوە بەدیار هەواڵەکانی دادگاییکرنی سەدامەوە دابنیشن و بەپەلەبوون بۆ ئەوەی هەواڵەکانی دادگا ببیستن و ببینن؟ چی بوو وای لێ دەکردن بەپەلە بن بۆ ئەوەی زووو بزانن حوکمەکەی چییەو چی بەسەر دێت؟ دوای دەرچوونی حوکمەکەش پەلەبوون لە جێبەجێکردنی حوکمەکەدا؟ ئەمە پرسیارێکە دەشێ لەسەر ئاستی تاکدا هەر یەکێکمان وەڵامێکمان بۆی هەبێ، بەڵام ئەو ئاستە تاکییە رێمان لێناگرێ لەوەی کە لەسەر ئاستی گشتیشدا وەڵامی ئەو پرسیارەبدەینەوە.

سەدام ئەو کەسەبوو کە ماوەی (35) ساڵ حوکمی وڵاتێکی کرد بەناوی عێراق، تەنانەت ئەو ماوەیەی کە ئەحمەد حەسەن بەکریش سەرۆکی وڵات بوو، دەسەڵاتەکان هەر لە دەستی سەدامدابوو، ماوەی پێش ئەویش سەدام یەکێك بوو لە کەسایەتییە دیار و بەرچاو و دەسەڵاتدارەکانی ئەم وڵاتە، رۆل و پێگەی لە زۆرێك لە رووداوە سیاسییەکانی ناو عێراقدا هەبوو، بێگومان لەو ماوەیەی کە ئەو حوکمی تێدا کردووە هەم توانیویەتی دۆست و لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکات، هەم کەسانێکی زۆری نەیاریشی بۆخۆی دروستکرد (نەیارەکانیش رێژەکەیان زۆر زیاتر بوو لە دۆست و لایەنگرەکان) ئەویش بەهۆی ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی لە ماوەی ژیانی کاربەدەستی و سەرۆکایەتیدا دەرحەق یەگەلی عێراق ئەنجامیدا، بە بێ جیاوازیکردنی ئەتنی و ئایینی، تەنانەت سوونەش (کە سەدام خۆی یەکێك بوو لەوان) زۆرجار بەدەستی سەدام دەچەوسانەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوەی دەروێشی ئەو بایەو ئەوەی بە قائیدی زەرورە برانیبا، دەکەوتە ناو خێرو خۆشییەکانی سەدام و گیرفانەکانی هەمیشە پڕدەکران لە پارەی نەوتی سامانی وڵات.

بە شێوەیەکی گشتی وڵات دابەش ببوو بەسەر دوو جۆر لە خەڵك کەسانێکی هەژار لەوانەی کە دەبوو کڵاوی خۆیان بگرن با نەیبات، کەسانێکیش کە زورناژەنی دەوڵەت بوون و مانەوەی خێروخۆشی ژیانیان پەیوەستبوو بە مانەوەی ئەم دەسەڵاتە.

هەڵبەت ئەم دوو ئاراستە جیاوازەش لە دوای رووخان و دواتر دەستگیرکردنی سەدام حوسێندا ئەوەی لێهاتە بەرهەم کە لایەنی یەکەم رووخان و گیرانی سەدامیان پێ خۆشبوو، لەبەرئەوەی زوڵم و زۆرداری زۆریان بەدەستی ئەوەوە بینیبوو، باوەڕیان وابوو کە ئەم رووخان و دەسگیرکردنەی سەدام تۆڵەی ئەوانە لێی دەبێتەوە، لایەنی دووەمیشیان پێی ناخۆشبوو، لەبەرئەوەی خێروبێرەکانیان لە دەست چوو (هەر بۆیەش دوای لە سێدارەدانی سەدام ئەمانە هاواریان لێ بەرزبووەوەو دەنگی ناڕەزایەتییان لێ هەڵدەستا).

چونکە دوای رووخانی رژێمەکەی دەزانرا سەدام تازە هیچ نفوز و دەسەڵاتێکی نەما، بۆیە مانەوەی سەدام و هەموو رۆژێك هێنان و بردنی بۆ بەردەم دادگا و دواخستنی دانیشتنەکانی دادگاو... هیچ ئومێدێکی نەدەبەخشی جگە لە دروستکردنی نیگەرانییەکی دەروونی لە لای هەردوو ئاراستەکە، لایەنی یەکەم: ئەوانەی پێیان خۆشبوو سەدام لە ناو بچێت، ئەوانە بوون کە بە دەستی ئەو چەوسابوونەوە، ئەوانەبوون کە باوك، برا، کوڕو کچەکانیان لەسایەی ئەودا لەناو چووبوو، ئەوانەبوون کە بە نەعل لەوێنەکەی ئەویان دەدا، ئەوانەبوون کە پەیکەرەکانی ئەویان دەشکاندو میزیان بە وێنەکەی ئەودا دەکرد، نیگەرانی ئەمانە لەبەرئەوە بوو کە حەزیان لێبوو بە زووترین کات تۆڵەی ئەوانی لێببێتەوە،

ئەوانە ئەوەندە بە پەلە بوون بۆ لەناوبردنی سەدام، کە پێیان وابوو مەحکەمەکردنی ناوێت، وەکو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا زۆر جار دەمانبینی ئەو خەڵکانەی کە لەسەر دەستی ئەو ڕژێمە زوڵمیان لێکرابوو، چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرا، دەیانگوت: مەحکەمەی بۆ چییە یەکسەر بیکوژن و تەواو. لە کاتێکدا من پێم وایە ئەم هەموو زوڵمەی کە ئەم کابرایە کردی بە تەنها مردنێك پاك نابێتەوە، بەڕەوا بینینی مردن بۆ سەدام ڕەوایەتیدان نییە بە کوشتن بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام خۆ دەبێ لە بەرامبەر هەر تاوانێکیش سزا هەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر تاونەکە بە (نائاگایی) نەبێت و چەندبارە بێت، سەدام کەسێك بوو کە تاوانەکان ڕۆژانە لەسەر دەستی ئەودا دووبارە دەبوونەوە، ئەمەش شتێك نەبوو کە قابیلی لێبوردن بێت، چونکە ڕوون و ئاشکرابوو کە سەدام هەر لەحزەیەك توانیبای بگەڕێتەوە سەرتەختی دەسەڵات هەمان ئەو کارانەی دووبارە دەکردەوە کە پێشتر ئەنجامی دابوون، ئەو تەنانەت تا دواساتی ژیانیشی نکوڵی لەوە دەکرد کە هیچ جۆرە زوڵم و زۆرداربیەکی ئەنجام دابێت، بۆیە ئەم جۆرە کەسە شایستەی لێبوردن نییە، لێبوردن بۆ کەسێکە کە لە کاتی هەبوون و توانای دەسەڵاتی خۆی هەست بە هەڵەکانی خۆی بکات و دانیان پێدا بنێت و پەشیمان بێتەوە.

ئەوانەی کە لە سەردەمی سەدامدا بە هۆی ڕژێمەکەی ئەوەوە بەهرەمەندو خۆشگوزەران بوون، دیسان مانەوەی سەدام و ڕۆژانە هێنان و بردنی لەبەردەم دادگادا مایەی نیگەرانی و ڕاڕاییەکی دەروونی بوو بۆیان، چونکە ئەوانە لە خەیاڵ و وەهمی خۆیاندا وێنای ئەوەیان دەکرد کە ڕەنگە جارێکی تر لانی کەم بتوانن سەدام بە ئازادی و لە دەرەوەی بەندیخانەدا ببینن و بیکەنە مەرجەعی خۆیان.

بەلای منەوە لەسێدارەدانی سەدام تەواوکردنی وێنەیەکی ناتەواوبوو، بڕوام بەوە هەیە کە هەر زاڵمێك چی بەرامبەر مەزڵومەکانی بکات، هەمان شتی بەرامبەر دەکرێتەوە، لەسەردەمی دەسەڵاتداری سەدامدا گەلێ کەس ڕاونران و هیچ شوێنێك نەبوو خۆیانی تێدا بشارنەوە، ئەو کەسانەی لە سەربازییدا ڕایان دەکرد، نەیاندەزانی بچن بۆ کوێ؟ یان دەبوو ڕاکەن و ببن بە پێشمەرگە، یانیش دەبوو لە شاخ و داخی لادێکاندا، یان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا، لانەو حەشارگە دروست بکەن و خۆیانی تێدا حەشار بدەن. هەمان دیمەن بەسەر خودی سەدام خۆیدا دووبارەبووەوە، کاتی دەست بەسەردا گرتنی بەغدا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان سەدام نەیدەزانی لە کوێدا خۆی حەشار بدات. حەشارگەیەکی دروستکردبوو ئەوەندە ترسنۆکی و بێ جورئەتی ئەوی پێوە دیاربوو کە لە هی هیچ فیرارێکی سەردەمی سەربازی سەردەمی ئەو نەدەچوو، سەرەڕای ئەمەش ئەم کونە دادی نەداو چۆن لەسەردەمی ئەودا خەڵك دەسگیر دەکرا، بەهەمان شێوە ئەویش دەسگیرکراو خرایە بەردەم دادگا تا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و حوکمەکەش جێبەجێکرا.

سەدام لە میانەی ڕووخانی ڕژێمەکەی تا ئەوکاتەی لە سێدارە درا هەموو ئەو نەهامەتییانەی هاتەوە ڕێ، کە خۆی بەسەر هەر خێزانێکی عێراقیدا هێنابوو، ئەو زوڵمێکی زۆری لە خەڵکی غێراق دەکرد، خەڵکی دەسگیر دەکرد، خێزانەکانی دەربەدەر دەکرد کوڕو باوکەکانی دەکوشت و لە ڕۆژە پیرۆزەکان تەرمەکانی بۆ کەسوکارەکەی دەناردەوە بۆ ئەوەی خێروخۆشی لە خۆیان نەبینن، بە هەمان شێوە دوای لە دەستچوونی دەسەڵاتەکەی، خۆی بوو بە کەسێکی قاچاخ و لە کەلێن و قوژبنان هەوڵی خۆشاردنەوەی دەدا، دواتر دەسگیرکراو ماوەیەکی لە بەندیخانەدا گوزەراند، ژن و منداڵەکانی دەربەدەرو ئاوارەو پەرتەوازەبوون، کوڕەکانی بەبەر چاوی ئەوەوە کوژران و تەرمەکانیان لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە بە هەموو دنیا پیشان درا، ژن و منداڵەکانی لە بەندیخانە نەیاندەتوانی بچنە لای، براکانی دەسگیرکرا و... تا گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەکو جەژندا، خۆی لە ژێر پەتی سێدارەدا دۆزییەوە، لە هەمان ئەو شوێنەی کە لەسەردەمی ئەودا هەزاران کەسی بێتاوان برانە ژێر پەتی سێدارەو لە سێدارە دران!

ئەم دیمەنانەی ژیانی سەدام پێویستە بۆ هەموو دەسەڵاتدارێك ببێتە پەند کە دەیەوێت زوڵم لە گەلەکەی و خەڵکی هەژار بکات، چونکە بە دڵنیاییەوە پێم وایە چارەنووسی هیچ زاڵمێك بە جۆرێك لە جۆرەکان لەمە باشتر نابێت و مێژووش چارەنووسی ڕەشی گەلێ دیکتاتۆری پێشانداوین.